کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:55 21-8-2007

## لاوان لەدیدگای ڕێزدارنێچیرڤان بارزانی و تێروانینی ئەم توێژەش بۆدەسەلآت!؟ ... هەریاد قادر

Heryad_q@yahoo. com

گەنج و لاوان ئەو توێژە کارا و هەگبە پڕلە داهێنانەیە کە توانای هەڵسوڕاندنی سەرجەم کارو بارێکی



هەیە ڕادەستی کرێت، بۆیە هەمیشە لەسەرجەم وڵاتان بۆ باش بەڕێوە بردنی کارو بارەکانی دەوڵەت لاوان دەبنە پێشەنگ و لەلایەن خودی دەسەلآتیش هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت بۆ ڕاسپاردەکانی و هەڵسوڕاندی پلانە خزمەت گوزاریەکانی، ئەم باسەم بەمەستی ئەوەنیە بەراوردێك بکەم لەنێوانی دەسەلآتی کوردی و ولاتێکی دیکە، بەڵکو دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە بەهەق سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەتایبەتی خودی بەرێزنێچیرڤان بارزانی گرنگیەکی لەڕادەبەدەری بەتوانای گەنج و کاری لاوان داوە و وای کردووە گەنج و لاوەکانمان هەوڵی خۆ پێگەیاندن و کارکردنی خۆیان بدەن پێم وایە لەو بارەیەشەوە خودی بەرێزیان و کارنامەکەشیان لە حکومەت کەم و کورتی نیە، دەکرێت لەهەمبە رئەوەشدا دیقەتی چواردەورەکەی بەرێزیان بدەین کە زۆرێك لەم لاوانەی کە زۆر دڵسۆزانە و لەخۆبردووانە هەمیشە ئەرك و کارەکانی ئەو دەسەلآتەی پێیان سپێردراوە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە جێبەجێیانکردوە و وەك لاو و کەسی شارەزا و خاوەن ئەزموون دریغیان نەکردووە و شوێن پەنجەشیان لەناوەندەکەدا دیارە، نموونەش لەوبارەیەوە کەسایەتیەکی وەك د. نوری عوسمانی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە کە بەڕاستی من وەك لاوێك شانازی بەو بەرێزە دەکەم و ئومێدی زۆریشی لێدەکەم لەدوارۆژدا کاری چاکترو بەرزو پیرۆزترئەنجامبدات وەك لاوێك توانی یەتی لەوپەڕی هەستکردن بێت بە بەرپرسیاریەتی ئەرك و کارەکەی خۆی، دیارە بەشێکی کارنامەی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش لەو پێناوەدایە و بەمەبەستی خزمەت کردنی لاوان بی کەم کوریە و ئەوەی لەتواناشیاندا بووبێت دریغی نەکراوە، ئیدی ئەوەی کەماوەتەوە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە خودی گەنجان و لاووانمانەو هەیە، کەخۆیان هیچ کات هەوڵی خۆدروستکردن و خۆپێگەیاندنیان نەداوە و بەربەستی گەورەو دوور لەواقیعیەتی ئەمڕۆی کوردستانیشیان لە بەردەم خۆیان و ئارەزووە کانی خۆیان دروست کردووە و هەمیشە و هەموو کاتیش هەوڵی نەداوە قورسایەك لەپێگەی کۆمەڵگاکەی خۆیان دروست بکەن و توێژەکەشیان بکەنە واقیعك لە ناوەندی ئیداری وڵاتدا، بەڵکوبە پێچەوانەوە هەرکات خاوەنی داوا و داخوازی بونە و پێیان وا بووە دەبێت دەسەلآت و حکومەت هەموو شێکیان بۆ بکات، بەڵام ئەو هیچ پەیوەندیەکی نە بێت بە نیشتیمانەکەی و چۆنیەتی بەڕێوە بردنی، بۆیە کەدەڵێم لاوانی وڵاتەکەی من تەمبەڵ و زۆر بەداواکارین، لە دەسەلآت بەهەڵەدا نەچومە، بەرلەچەندین ساڵ گەنجانی ئێمە هیچیان نەبو و خاوەنی هیچیش نەبوون کەچی ئێستا خاوەنی زۆربەی زۆری ڕەفاهیەتەکانی ژیانن، ئەمەشە ئەگەرچی بۆخۆی پەیدای کردبێت، بەڵام نابێت ئەوڕاستیە حاشای لێبکرێت کە حکومەت و دەسەلآتەکەی هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵی زۆری تێداهەبووە لە خستنە بەردەستی و لەم بارەیەشەوە جگە لەوەی ڕێخۆشکەربووە بگرە لایەنێکی ئەکتیڤیش بووە بۆگەیاندنی بە گەنج و لاوان و بێبەش نەبوونیان لێی، نموونەش: مۆبایل و خزمەتگوزاری گەیاندن و دروستکردنی پارك و باخچە و ڕێدان بە کردنەوەی کافتریا و شوێنی دیکەی گە شت و گووزاری و ئازادی گەنج... هتد، وەلی لەبەرامبەر ئەمەدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەمیشە لاوانی ئێمە وەك یاخی خۆیان پیشانداوە و داواکاری کردەی نامەنتیقی و دوور لە واقیعیەتی کۆمەڵگاکەیان بوونە و لەسەری موکوڕبوونە، ئەمەش دەکرێت لەوە دا خۆی ببینێتەوە کە لاوانی ئێمە گەر بۆی بکەیت (ژن و خانوو و ئوتومبێل و دامەزراندن و مووچەی باش و ئەرزو دەوڵەمەند بوون و ژەندان شتی دیکەشی لە دەسەڵات دەوێت) بۆیە بەو چی گەر شەقامێك لە شارەکەی جوان بکرێت خۆ بۆ ئەو نیە، ئەمانە هەمووی بە یەکەوە وای کردووە گەنج و لاوەکانمان تەمبەڵ و بێ ڕۆڵ بن و ببن بە بارگرانیش لە سەر خودی دەسەڵات و کۆمەڵگاکەشیان، بۆیە هەقە گەنجان و لاوانی وڵاتەکەم گەردڵیان بە درکاندنی ئەو ڕاستیەی هاوتەمەنێکیان نەرەنجێت، بە خۆیان دابچنەوە و چاو لە ئەزموونداراانی ئەمڕۆی گەنجانی دەسەڵات بکەن، هەروەك لە سەرەتاش ئاماژەم پێیدا (د. نوری عوسمان) بکەینە نموونەی خۆمان و وەك ئەو بین و هەوڵ بدەین لەوبەرێزەو نموونەی ئەو فێربین و هەریەکەمان لە لایەن خۆمانەوە (د.نوری) یەك بین بۆ خزمەتی وڵات و حکومەتێك و دەسەڵاتێك کە هەروابە ئاسانی و لە خۆڕا نە هاتۆتە کایەوەو هەوڵ و ماندووبوون و دەریایەك خوێنی لە پێناودا ڕژاوە تابە ئەمڕۆ گەییوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.